

# ڕۆشنبیران و مۆدێرنە

## گفتوگۆ لەگەڵ زیگمۆند باومان

سازدانی: کاترین بۆرتۆڤان

وەرگێڕانی: هێشوو عەبدوڵڵا

ڕۆشنبیرەکان وازیان لە گۆڕینی جیهان هێناوە، لەگەڵ ئەوەیشدا لە ڕوانگەی زیگمۆند باومەنی فەیلەسوفەوە، بۆ ئەوەی لەو مەترسییانە تێبگەی کە لەمڕۆدا هەڕەشەمان لێدەکەن، ناتوانین دەستبەرداری ڕۆشنبیرەکان بین.

هێشتایش باومەن بەو تەمەنە زۆرەیشەوە ئومێدی هەیە. تەمەنیک کە خەریکبوو لەدەستبدات و تۆتالیتاریزمەکانی سەدەی بیستەم لێی بستێننەوە، بۆیە بەرلەوە دووجار لێیان هەڵهات، جارێکیان لە پۆڵۆنیای نیشتمانی دایک، لە ساڵی 1939دا لە دەستی نازیزم؛ دووەمجار لە ساڵی 1968دا لە دەستی کۆمۆنیزم.

وەک پرۆفیسۆری فەلسەفە و سۆسیۆلۆژیا لە زانکۆی لیدز (بەریتانیا) لە ساڵی 1971ـەوە، بەردەوام و بێپچڕان میراتی ئاڵۆزی سەردەمیی ڕۆشنگەریی خستۆتە بەر پرسوباس، دانی بەو بەشە بەربەرییەدا ناوە کە لە شارستانێتییەکەماندا هەیە. لەبری بەرەوڕووبوونەوەیەک کە لەنێوان چاکە و خراپەدا ڕوودەدات، باومەن بڕوای بە جۆرێک لە فەلسەفەی ڕاستکەرەوە هەیە کە ناتوانێت واز لە یاخیبوون بەسەر ستەم و چاوساندنەوەدا بهێنێت. کاتێک بایەخی بە دینامیەتە گەردوونییەکانی جیهانگیری داوە، وەسفی مۆدێرنە «شل»ـەکەمانی کردووە کە تاکەکەسی لێکدوور و تەنیا دروست دەکات. فیکری باومەن تا ڕادەیەکی زۆر لە فەرەنسا نەناسراوە، هەمیشەیش بەخراپی وەرگێڕدراوە. لە دوا پاییزدا، وەرگێڕانی کتێبە گەورەکەی «داڕمانی ڕۆشنبیران» بڵاوبوویەوە، کە لە ساڵی 1987دا و دوو ساڵ بەر لە ڕووخانی دیواری بەرلین نووسیویەتی. لە ناوەڕۆکی ئەم کتێبەدا باومەن گۆڕانی قووڵی ڕۆڵی ڕۆشنبیرانی ڕوون کردۆتەوە.

***ئەم کتێبەت بەر لە بیست ساڵ نووسیوە. پێتوایە دەیەی هەشتاکان بە ڕاستی سەردەمی «داڕمانی ڕۆشنبیران» بوو؟**

-بەڵێ، هەشتاکان کۆتایی سەردەمێک بوو لە مێژووی ڕۆشنبیراندا. خەونێک خەریکبوو دەڕەوییەوە: -وەک فەیلەسوفانی سەردەمی ڕۆشنگەری باسیان کردووە- خەونی ئەو کۆمەڵگە ئایدیاڵییەی کە بەختەوەری مرۆڤایەتی دابین دەکات. کۆمەڵگەیەک کە عەقڵی مرۆیی وێنای دەکات و بەهۆی داهێنان و کاری خەڵکییەوە دێتە دی. ئەم ئایدیا کۆنەی کە دەگەڕێتەوە بۆ دوو سەد ساڵ پێشتر، لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا، لەبەر دوو هۆکار کۆتایی هات؛ لە ئەنجامی داڕمانێکی نمایشیانەی ڕژێمی کۆمۆنیستی لەلایەک، نەمانی هێز و بڕست لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا کە پرۆژەی ڕۆشبیران ڕوویان لێی بوو، لەلایەکی تر. بە نەمان و ڕەوینەی ئەمانە، ئەم خەونە بەدیکرا: »میراتگریی کۆتایی یۆتۆپیاکان، کۆتایی ئایدیۆلۆژییەکان. لە دوای ئەمەیشەوە ڕۆشنبیرەکان دەستیان هەڵنەگرت لەوەی «یاسادانەر» بن، واتە ئەو نەخشەڕێگایانە دابنێن کە دەگاتە کۆمەڵگەیەکی ئایدیاڵی. وا دەرکەوتن کە ناتوانن وێنای ئەم پرۆژەیە بکەن، بەڵام ئەم پرۆژەیە پێویستی بە دەردەسەری زۆر هەیە. پرسیار لەبارەی ئەو ڕۆڵە نوێیەوە کرا کە دەشیا ڕۆشنبیرەکان ئەنجامی بدەن. لەو سەردەمەدا، ئەو گریمانەیە گواسترایەوە کە هاوتای خولیای مۆدێرنی گۆڕانی جیهان بوو لەبەرامبەر تەفسیرکردنیدا، واتە پێدانی مانایەکی نوێ بە جیهان«.

***گرنگیی ئەم وەزیفەیە چییە، وەزیفەی «موفەسیر» (تەئولیکەر)؟ ئایا تێگەیشتن لە جیهانی خۆمان ئەستەمترە لە تێگەیشتن لە جیهانی سەدەی هەژدە؟**

-یەکەم، زۆرباش ئاگاداری ئەوەین کە هەمەجۆریی سەرسوڕهێنەری شێوازەکانی ژیان، تەنیا لەمپەرێکی کاتیی نییە لە بەردەم یەکێتیدا، بەڵکو حەقیقەتێکی سەد لە سەدە. بە واتایەکی تر، ژینگە کۆمەڵایەتییەکەمان، کە پێشتر ئاواتە خوازبووین هاوبەند و یەکگرتوو بێت، بە شێوەیەکی گریمانەیی دەبێتە مۆزاییکی پارچەکان. هیچ بژاردەیەکی دیکەمان

لەبەردەستدا نییە جگە لەم جیهانە فرە کولتوورە، کە لە جیاوازییەکان پێکهاتووە: پاشان، پێویستە فێربین لەگەڵ ئەم جیاوازییانەدا بژین. ئەمەیش هونەرێکە کە پێویستی بە ئاستێکی گفتوگۆ هەیە، پێویستی بە وەرگێڕان هەیە لەنێوان کولتوورەکاندا، لەبەرئەوە پێویستە موفەسیرەکان (تەئویلکەرەکان)، ڕێدۆزەکان هەبن. دووەم، کەلێنی نێوان ڕەوشەکانی ژیان (بارودۆخی کۆمەڵایەتی، ڕەهەندەکانی گەشەسەندن، تەحەدا نوێیەکان، ئەو کێشانەی کە پێویستیان بە چارەسەر هەیە) و ئەوانەی بەڕێوەی دەبەن، بەردەوام گەورەتر دەبێت. هەمیشە، گومان زۆر لە سەری خەڵکەوە نزیک بووە... هەمیشەیش ترساندوونی. بەڵام، لەمڕۆدا، وێنەکانی ترس بڵاوبوونەتەوە، پەرشبوونەتەوە، بەشێوەیەکی خراپیش زانراون. ئەستەمە ئاماژەی پێبدەین یان بگەڕێینەوە بۆ ڕیشەکانی... ئەمە وا دەکات وێنەکانی ترسی هاوچەرخ بە ئەستەم نەرم بکرێنەوە، یان بوەستێنرێن. (ئەم وێنانە) لە هەموو شوێنێک بڵاوبوونەتەوە: وەزیفە ناجێگیرەکان، مەعریفەی کەموکورت، ڕێسای بەردەوام گۆڕاوی گەمە، لاوازیی پەیوەندییەکانی نێوان خەڵکی، هێدی هێدی لاوازبوونی دەستەبەریی کۆمەڵایەتی، هەڕەشەی بۆنە ژەهراوییەکان یان خواردەمەنییە سەرەتانییەکان، ئەگەری ڕەتکردنەوەی ئابووریی بازاڕ، بگرە ئەم بێ متمانەییە گەیشتۆتە ئاساییشی کەسییانەی هاووڵاتیانیش لەسەر شەقامەکان و لەنێو ماڵی خۆیشیدا. ئەم گومانە لە سەر هەریەکێک لەم وێنانەوە هێزی خۆی وەردەگرێت، قووڵ دەبێتەوە تاوەکو دۆخێکی فیکری و هەستوسۆزی ئەوتۆ دروست بکات کە تەنیا زاراوەکانی ‹‹هەستنەکردن بە ئارامیی بەربڵاو››، گوزارشتی لێدەکەن. زۆر بە کەمی متمانە بە خۆمان دەکەین، چونکە نازانین نیگەرانییەکەمان لە کوێوە دێت، نایشزانین چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەین... کەواتە، پێویستمان بە ڕۆشنبیرانێکە بتوانن بە چاوێکی ئەبستراکت ئاشنامان بکەین بە فاکتی هەندێ لە مەترسییە نادیارەکان، بەڵام بۆ ئەوەیش پێویستمانن کە هۆشداریمان پێبدەن لەو هەڕەشە خەیاڵیانەی کە ئامانجی سیاسی یان بازرگانییان هەیە.

**هەشتاکان کۆتایی سەردەمێك بوو لە مێژووی ڕۆشنبیراندا. خەونێك خەریکبوو دەڕەوییەوە: -وەك فەیلەسوفانی سەردەمی ڕۆشنگەری باسیان کردووە- خەونی ئەو کۆمەڵگە ئایدیاڵییەی کە بەختەوەری مرۆڤایەتی دابین دەکات. کۆمەڵگەیەك کە عەقڵی مرۆیی وێنای دەکات و بەهۆی داهێنان و کاری خەڵکییەوە دێتەدی**



### *بۆچی هۆشداری؟

-سروشتە «شلۆک»ەکەی کار دەکات بۆ دووبارە سووڕاندنەوەی ترسەکەمان بە ئاسانی. ئەو پێویستییە زۆرەی کە خەڵک بۆ کردنی «شتێک»ی دیاریکراو بەرامبەر هۆکارەکانی ئەم نیگەرانییە «نادیارە» هەستی پێدەکەن، بەشێوەیەکی ئاسایی دەشێت لە بابەتی نا-بەرپرسانەدا دەربارەی نەبوونی ئاساییش ]هەستکردن

بە نا-ئارامی[، بقۆزرێتەوە و بەکاربهێنرێت. هیچ لادانێک هیچ چارەسەرێک بۆ نیگەرانی ناخاتە بەردەست، پاشانیش شتێک لە یەدەگی «سەرمایەی ترس»ی ئێستا کەم ناکاتەوە. لە بەرامبەردا، کارەکانی کێبەرکێکەرەکان لەسەر دەسەڵات و فرۆشیارانی بەرهەمەکانی «پەیوەست بە ئاسایش» وەدی دێت. لەو کاتەوە تێدەگەین حکومەتەکان هەندێک بایەخ بە نەفیکردنەوەی سەرچاوەکانی ئەم گومانە دەدەن. بەلای پسپۆڕ و «زاناکان»ـەوە، هیچ کەرەستەیەکمان نییە بۆ لێکۆڵینەوەی لە دروستیی دیاگنۆس، هیچ بژاردەیەکمان نییە جگە لەوەی باوەڕی پێبکەین (هەر بۆ نموونە وەکو سەرکردەکانمان، کاتێک بۆیان شرۆڤەکردین کە سەدام حسێن چەکی کۆمەڵکوژی هەیە، یان کاتێک پێماندەڵێن، بە یەکجار هەرچی غەممانە دەڕەوێتەوە کاتێک پەنابەرە سیاسییەکان و پەنابەرە ئابوورییەکان دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتانی خۆیان).



***فەلسەفەی ڕۆشنگەری دەسەڵاتی لەسەر مەعریفە دامەزراند نەک لەسەر مافی یەزدانی: لەژێر دەسەڵاتی عەقڵدا «ئەوەی بزانێت» ڕابەرایەتییش دەکات. ئایا پێتوایە پەیوەستیی نێوان دەسەلات و مەعریفە لەمڕۆدا بەسەرچووە؟**

-ئەو باوەڕە نوێیەی کە فەیلەسوفەکان دایانهێناوە و فەیلەسوفەکان مژدەیان داوە، بۆ ئەوە هەوڵدەدات حیکمەتی زۆر بداتە

دەسەڵاتداران، هەوڵدەدات دەسەڵاتی زۆریش بدات بە حەکیمەکان. ڕێسای ڕۆڵی «یاسادانەر» کە فەیلەسوفەکان وەک بەڵگەنەویست بینیویانە، لەسەر ئەم بڕوایە خۆی ڕاگرتووە. بە گوێرەی زاراوەکانی ڕۆشنگەری بدوێین: بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی کامڵ، پێویستە ستەمکارێکی بەهێز هەبێت کە بتوانێت شێوازێکی باڵای ژیان بسەپێنێت، لەو جۆرە ژیانەی کە ئەو فەیلەسوفانەی وا ڕێیان نیشانداوە، بۆیان پێشنیار کردووە و ئەویش دەبێت پێیدا بڕوات. لەمڕۆدا، دەڵێم «دەسەڵاتداران» بەشێکی زۆری ئەو دەسەڵاتەیان لەدەستداوە کە لە سەردەمی زێڕینی دەوڵەت-نەتەوەدا لەدەستیاندا بوو. کەلێنی نێوان دەسەڵات و سیاسەت هەتا بێ فراوانتر دەبێت: کاتێک دەسەڵات، لە ژینگەی جیهانیدا و لەودیو سنوورە نێودەوڵەتییەکان، بەرەو باڵا دەبێتە هەڵم، دەبینین سیاسەت لە ژینگە لۆکاڵییەکاندا هەر هەیە، لە دەسەڵاتی ڕاستەقینە بەسەر پەرەسەندنەکاندا کە لەخۆیشی تێپەڕێت، خۆی دادەماڵێت. سیاسییەکان بەوە پێوانەی سەرکەوتنی خۆیان ناکەن کە کۆمەڵگە بگەیەننە کەماڵ، بەڵکو بە بردنەوەی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو سەرکەوتنی خۆیان دەپێون. ڕۆشنبیرەکانیش ڕوو لە دەسەڵاتدارەکان ناکەن تا خەونەکانیان لە واقیعدا بۆ بەدیی بهێنن.

***لە سەردەمی ڕۆشنگەرییەوە تاوەکو ئەمڕۆ، وا دەردەکەوێت ڕۆشنبیر زۆر تووشی تەنگوچەڵەمە بووە لە دیاریکردنی پێگەکەی لای «خەڵک»، جەماوەر، کولتووره میللیەکان. بۆچی؟**

-بە شێوەیەکی ڕوون یان شاراوە، ڕۆشنبیرانی نوێ لە ڕێگەی «ئەو پەیوەندییە تایبەتییەوە» کە لەگەڵ خەڵکدا کۆیان دەکاتەوە، پێناسەکراون. فەیلەسوفەکان خەڵکیان خستە ژێر وەسیەتەکانیانەوە، بەوەی ئەرک و پەیامی ڕۆشنکردنەوە و پەروەردەکردنیان بدەنە پاڵ خۆیان، بەبێ لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی جەهل و ئازارەکانیان... جا بە ڕەزامەندیی خۆیان یان بێ ڕەزامەندی خۆیان. ئەم ویستە بە تەواوی بەشێکە لە ‹‹ئامادەکردنی دەوڵەت-نەتەوە›› (دەرخستنی ئایدیای «نیشتمان»، گۆڕینی تێکەڵەی شوناسە لۆکاڵییەکان بۆ جەستەی نیشتمانی و هاووڵاتی)، ئەم ئامادەکارییە، لەمڕۆدا، لایەنیکەم لە ئەوروپا بە تەواوەتی وەدییهاتووە. کۆمەڵگەی هاووڵاتیان هێدی هێدی بۆتە کۆمەڵگەی بەکاربەران، بەوەیش خەڵک (گەل)یان کردە کۆگای کڕیارە شیمانەییەکانی ئەو شمەک و خزمەتە ڕۆحی و کولتوورییانەی کە ڕۆشنبیران و هونەرمەندان دەیانخەنەڕوو. وەک چۆن داواکاریی میللی ئەوەندەیش باڵا و تاڵانکارانە نەبووە کە ئاواتەخوازی بوون، ئەوا لای داهێنەران و فرۆشیارانی کولتووری نزم «جەماوەر» جێگای خەڵکی گرتەوە.

***ڕۆشنبیر بەشێک نییە لە جەماوەر؟**

-لە ڕاستیدا، سەرەڕای ئەوەیش، زۆرێک لە ڕۆشنبیران نیشانەی جودابوون، بە تێپەڕین لە تخوبەکانی دەوڵەت-نەتەوەوە بۆ فەزای مەجازیی جیهانی، بەڵام خەڵک، کە هەمیشە لە ژینگەی خۆیدا ماوەتەوە، فەرامۆش کراوە. ئەگەر ڕۆشنبیران پەیامێکیان هەبێت، ئەوا پەیامێکە خواستیی جیهانیی هەیە نەک لۆکاڵی: ئەو ‹پەیوەندییە تایبەتە›ی لەگەڵ ‹‹خەڵکانی وڵاتەکەی خۆی›› -هاووڵاتیان-دا هەیبوو، کە لە سەردەمی دامەزراندنی نەتەوەدا پەیدابوو، پچڕا. ڕۆشنبیرەکان کۆزمۆلیتانین، لە چەندین کولتوورەوە هاتوون. بە پێچەوانەی ئەو دۆخەوە کە سۆسیۆلۆژیستێکی وەک پییەر بۆردیۆ لە کتێبی «جیاکاری»دا وەسفی دەکات، دەبینین دۆخی کۆمەڵایەتیی باڵا لە ڕێگەی بژاردە کولتوورییە بژارکراوەکانەوە پێکنایەت، بەڵکو لە ڕێگەی ‹‹قووتدانی هەر شتێکی کولتووری»یەوە ڕوودەدات. کولتووری شەرعی لە دانانی سنوور لەنێوان ئاستی باڵا و ئاستی نزمدا، لەنێوان دەستەبژێر و جەماوەردا دانامەزرێت، بەڵکو لەسەر ئەوە دادەمەزرێت کە

مرۆڤ لە وڵاتەکەی خۆیدا هەست بە هەموو فۆڕمەکانی کولتوور بکات، بەو پێیەی کە هەر یەکێک لەم فۆڕمانە ناتوانێت تاکە دامەزرێنەر و پێکهێنەری وڵاتەکەی بێت.

**-لەبەرئەوە، چۆن دەتوانیت (لایەنیکەم لە فەرەنسا) تەفسیری دووبارە پێناسەکردنەوەی «بەها هاوبەشەکان»، شوناس یان کولتووری نەتەوەیی بکەیت کە ڕۆشنبیرەکان هیوای پێدەخوازن؟**

-مەسەلەکە پەیوەست نییە بە فەرەنساوە: لە هەموو جیهاندا، ئەو بەهایانەی کە «کۆمەڵەکانی ئینتیما» پاراستوویانە و ئاگادارییان لێکردوون، بۆتە شتێک لە بەردەستی ئەو تۆڕانەدا کە پێکهاتەیەکی لاواز و دەستکردیان هەیە، پەیوەندیی ڕۆژانەی بە تاکە پێک پەیوەستەکان یان ناپەیوەستەکانەوە. ئەوە تێرامانێکی سروشتییە بۆ کارکردن لەسەر گەڕانەوەی ئەوەی ونبووە، بە ئومێدی دووبارە خوڵقاندنەوەی – ئیرادییانەی- هزر و بەهای ئەوتۆ کە پێشتر وەک هزر و بەهای «سروشتی» لێیان دەڕوانرا. لە حاڵەتی کۆمەڵەکاندا، ئومێد وەهمییە، بۆ ئەوەی «بەها هاوبەشەکان» ڕۆڵی کۆمەڵایەتییانەی خۆیان بگێڕن، کە بەندە لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەمە بابەتی هەڵبژاردن (ئیختیار) نییە، پاشان وەها دەردەکەوێت کە هەر بە سروشت خۆی نا-ئاگایانەیە. لەو کاتەوەی «چەند باشە بەها هاوبەشەکان بەش بکەین» ڕاگەیەنراوە، بە بێ ئاگا جەخت لەسەر لەدەستدانی خاسیەتی هاوبەشی کۆمەڵ دەکرێتەوە.

**-«هێشتایش بەڵێنەکانی مۆدێرنە ڕێکخەرە»، ئاوەها نووسیوە. بۆ ئێمە چۆن دەکرێت ئەم بەڵێنە گەورەیە دامەزرێنین کە لە پرۆژەی وەهمیی کۆمەڵگەی پێرفێکتەوە دێت؟**

-پێموایە ئایدیای کۆمەڵگەی پێرفێکت (واتە کۆمەڵگەیەک کە پێویستی بە چاکسازییەکان نەبێت)، ئایدیایەکی وەهمییە. بۆ ڕزگاربوون لە هەموو نەهامەتییەکانی مرۆڤ، دەبێت مامەڵەی لەگەڵ ئایدیایەکدا بکەین کە بەندە لەسەر یەک هۆکاری دیاریکراو (وەکو نەبوونی یەکسانی لەنێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان یان نەژادەکاندا). لە بەرامبەردا، ئەوەی نا-وەهمییە وا لە ئیمکانییەتی گۆڕینی جیهان و ڕەوشی ژیانی خەڵکیدا، خەبات دژ بە نەبوونی ئاسایش، کۆیلایەتی، ستەم، توندوتیژی، ئازار، زەلیلکردن، سووکایەتیپێکردن... بەڵام، بۆ ئەوەی بتوانین چاکسازی و خەبات بکەین پێویستمان بە تێگەیشتنی باشترە لە قووڵیی ڕیشەکانی ئەم خراپەیە و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان. دۆزینەوەی ئەم ڕیشانە، ناونانیان و پیشاندانیان، -بەلای منەوە- بەس نین بۆ کردنی جیهان بە جیهانێکی قبوڵکراو لەلایەن مرۆڤەوە، بەڵکو هەلێکە بۆ قبوڵکردنی زیاتری جیهان بە بێ ئەوەی ئەوپەڕی بە لاوازی پیشان بدرێت.

سەرچاوە:


Catherine Portevin، Entretien avec Zygmunt Bauman، Télérama، .2008/02/02

http://www.alittihad.ae/details.php?id=5037&y=2017&article=full